# ئایا تابووری پێنجەم ڕێپێوان دەکا؟!

ڕێکار ئەحمەد

ڕژێمە ملهوڕو داپڵۆسێنەرەکان بە بیانووی پیلانی دەرەکی و هەبوونی تابووری پێنجەم دڵڕەقانە دەنگی نەیارو ڕەخنەگرانی خۆیان کپ دەکەنەوە، بەهێز وەڵامی خواستو داخوازییەکانی جەماوەر دەدەنەوە. ڕژێمی بەعس بە درێژایی ٤٠ ساڵ لەپەنای هەبوونی مەترسی دەرەکی، پاراستنی سەروەری نیشتیمان، دەستتێوەردانی بێگانە لە کاروباری ناوخۆ درێژەی بەکوشتارو ڕەشەکوژی نەیارانی خۆیدا. لە بەرانبەر خواستە ڕەواکانی نەتەوەی کورد سیاسەتی بەعەرەبکردنو ئاوارەکردن، پاکتاوی ڕەگەزی، شاڵاوی ئەنفالو بەسووتماککردنی کوردستانی پێڕۆ کرد.. ئیدی بەعس وەك تاوانبارترینو دڕەندەترینو قێزەوەنترین ڕژێمی ناوچەکەو جیهان ناوی دەرکردو ناسرا.

بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان بۆ ئازادیو ڕزگاری درێژەی بە تێکۆشانداوە. قوربانی زۆرو زەوەندی بەخشیوە، کارەساتو مەرگەساتەکان لەسەر خەبات موکڕتریان کردووە. بەهەوڵو تێکۆشان و سەرهەڵدانی جەماوەری، داگیرکەر لەبەشێك لەخاکی باشووری کوردستان ڕاونرا، پەرلەمانو حکومەتی هەرێم دامەزران. نزیکەی ١٥ ساڵ دەبێ کە لایەنە سیاسییەکانی کوردستان فەرمانڕەوایی دەکەن، کوردستانیان بۆ خۆیان نیشتیمانی خۆیان بەڕێوەدەبەن، ئەگەر هەڵەو کێماسیو نارێکیش لە دەستەڵاتو شێوازی بەڕێوەبردندا هەبێ، هێشتا دەستەڵاتی خۆماڵی لەدەستەڵاتی بێگانە باشترە. ئیسماعیل بێشکچی دەڵێ:- "خراپترین دەستەڵاتی کورد بۆخۆیان، لەباشترین دەستەڵاتی بێگانە باشترە". بەڵام دیسانەوەی بەو مانایە نییە کە ئیدی جەماوەر ڕەخنە لەدیاردە دزێوەکان نەگرێو لە بەرانبەر کێشەکانی ڕۆژانەو دیاردەی گەندەڵیدا دەنگ بەرزنەکاتەوە، بیر لەدیموکراتیزەکردنو ئازادی بیروڕا نەکاتەوە !.

ماوەیەکە لێرەو لەوێ دەنگی بێزاری لە بەرانبەر دیاردەی گەندەڵی کە زۆرینەی دامو دەزگاکانی داپۆشیوە، بەرز دەبێتەوە. ڕەفتاری دەستەڵاتداران نیگەرانی و نائومێدی لە دڵی هاوڵاتیاندا دەچێنێ. هەندێ جار ڕەخنەو گللەییو ناڕەزایەتی، ڕێپێوانو خۆپێشاندانی بەدواداهاتووە، تێکدانو خراپەکاری لێکەوتۆتەوە. پاشڤەڕۆیانە ڕەفتار لەگەڵ ڕێپێوانو ئامانجی سەرەکیداکراوە، وێنەیەکی نەویستراو و ناشیرینی پێشانداوە. بەڵام ئایا ئەو ڕەخنەو گللەییو ڕێپێوانانە هەر هەموویان بێ بنەمانو لە خۆڕاوە سەریان هەڵداوە ! ؟. هەڵبەت هاوێرکردنی ناڕەواو جیاوازیکردن لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵ، زەقکردنەوەی نابەرانبەریو پەرەسەندنی گەندەڵی، چارەسەرنەکردنی کێشەی گرانیو نیشتەجێبوون، هەوڵنەدان بۆ چارەسەرکردنی گرفتو ئاستەنگەکانیان سەرچاوەی ئەو ڕەخنەو گللەییو ڕێپێوانانەن. ئەوکاتەی دەستەڵات دەرگەی لە خواستەکانی گەل نەکردبێتەوە و گوێی لەدەنگیان نەگرتبێ، پەنا بۆ خۆپیشاندانو ڕێپێوان بردراوە. لە هەندێ شوێن بە ئەنقەست یا هەڕەمەکیانە ڕەوتی ڕێپێوانەکە بەرەو تێکدانو گێرەشێوێنی بردراوە. خەڵکێك بۆ خواستەکانیانو چارەسەرکردنی کێماسیو ڕیشەکێشکردنی گەندەڵی لە ماڵەکانیان بێنەدەرێو بڕژێنە سەر شەقامەکانەوە، هەرگیز ئەو مافە بە خۆیان نادەن کە پەلاماری شوێنە گشتییەکان بدەنو زیان بە ولاتیان بگەیەنن. ئەوانەی دڵسۆزانە دەنگی ناڕەزایی لە بەرانبەر دیاردە دزێو و کۆنینەکان بەرزدەکەنەوە، هەرگیز بۆ ئەو ئاستە دانابەزن کە پرۆژە خزمەتگوزارییەکان پەکبخەن و ژێرخانی ئابووری لاواز بکەن.

گەورەبوونی دەنگی ناڕەزایی، ئەستووربوونی ڕەخنەو گللەییەکان، سازکردنی خۆپێشاندانی ڕێپێوانەکان، دەسەلاتدارانیان بەسەردوو سەنگەر دابەشکردووە، سەنگەری یەکەم پێیوایە تەواوی ئەو ئاکارانە بە فیتی دوژمنانە، پلانی دەرەکییە، ئامانج تێکدانو لەباربردنی ئیدارەی کوردییە، بۆ ئەوەیە وا پیشان بدرێ کە کوردستانیان توانای بەڕێوەبردنی خۆیانیان نییە، ئیتر دەبێ سەرکوت بکرێنو خامۆش بکرێنەوە. سەنگەری دووەم، پێیوایە کە بەڕاستی گەندەڵیو کێشەی ڕۆژانە هەن، بەڵام بە ئەنقەست گەورەدەکرێنەوە، بۆیە دەبێ هەم چاکسازی بکرێ، هەمیش ڕێگە نەدرێ ئەو ناڕەزایی بوونە بەرفراوان ببێ. سەنگەری یەکەم دەرسو ئەزموونی لە مێژووی ڕژێمە داپڵۆسێنەرەکان وەرنەگرتووە، هەموو دەنگە ناڕازییەکان بە دەستی دەرەکیو تابووری پێنجەم دادەنێ، هێز بە یەکلاکەرەوە دەزانێ، لە پێناو دەستەڵاتو مانەوەیدا، بەرتەسککردنەوەی ئازادیو شێواندنی دیموکراسی بە مافی ڕەوای خۆی لێکدەداتەوە. بەمەش برینەکە قووڵتر دەبێتەوە، ڕەوشەکە ئاڵۆزتردەبێ ، لەسەرێکەوە دەستەڵات ئامادە نابێ شاننزمی لە بەرانبەر خواستەکانی جەماوەردا بکات، لە سەرێکی دیکەشەوە جەماوەری ناڕازی ئەو تۆمەتانە لەسەر خۆیان پەسەند ناکەنو ڕێگەش نادەن بەو بیانوویەوە سەرکوت بکرێنو دەنگیان خامۆش بکرێتەوە.

ئەگەر بە وردی لە ناوەڕۆکی ئەو خواستانە وردبینەوەو لێیان نزیك بکەوینەوە کە نارازییان بەرزی دەکەنەوە، کاری بۆ دەکەنو داوای جێبەجێکردنیان دەکەن، دەبینین هیچ یەك لەو خواستانە سەرچاوەی لە دووژمنایەتیو هەڵتەکاندنی دەستەڵات نەگرتووە. ئامانج دادپەروەری کۆمەلایەتیو چارەسەرکردنی گرتو کێشەکانی ژیانو نەهێشتنی نابەرابەریو دیاردەی گەندەڵییە. ئەو ولاتیانەی لێرەو لەوێ ڕێپێوان دەکەن، هەرگیز داوای ڕووخاندنی دەستەلاتی خۆماڵی ناکەنو ناشیانەوێ جارێکی دیکە دووژمنو داگیرکەر بێننەوە و فەرمانڕەوایی بکەن. کەواتە نە دەستی دەرەکی لە ئارادا هەیەو نە تابووری پێنجەمیش بوونی هەیە، نابێ دەستەلاتیش بەو بیانوویەوە دەنگی ناڕازییان کپ بکاتەوەو سەر کوتیان بکات.

جەماوەری کوردستان لە پێناو ئازادیو بە دەستهێنانی مافەکانی خۆی شەڕی مانو نەمانی لەگەڵ داگیرکەراندا کردووە، ڕووبارێك خوێنی بە خشیوە، بەرگەی کیمیاویو ئەنفالو جینۆسایدی گرتووە، بۆیە هەرگیز کار بۆ ئەوە ناکات کە داگیرکەر بهێنێتەوەو مێژوو دووپات بکاتەوە . جەماوەر کە دەبینێ هەلاوێردنو جیاکاریٍ لەکاردایە، نابەرابەریو گەندەڵی برەویان پێدەدرێ، کۆمەڵگە بەرەو حیزبی کردن ڕاپێچ دەکرێو دەستەلاتیش گوێ لە هاوارو پاڕانەوەکانی ناگرێ، بە ناچارییەوە پەنا بۆ شێوازێك دەبات تا لوتکەی دەستەلات بە ئاگابێو هەست بە ئازارو کێشەو گرفتەکانی بکات.

بە گوێرەی یاسا هەموو تاکەکانی کۆمەڵ لە ئەرکو مافدا یەکسانن، دەستەلاتی خۆماڵیش بانگەشەی ئەوە دەکات، بەڵام کاتێ دەستەو ڕێکخراوو لایەنێك لەسەرووی هەڕەمەکەوە دادەنیشن، فەرمان دەردەکەنو بڕیار دەدەن، مافەکانی خۆیان گەشە پێدەدەنو دەیپارێزن، ئەوانی دیکەش لە ژێرەوە ڕادەگیرێنو ئەرکیان پێدەسپێردرێو مافیان فەرامۆش دەکرێ، ئیتر ناچار گللەیی دەکرێ، ڕەخنە دەگیرێ، جەماوەر دەڕژێنە شەقامەکانەوە، ئەمەش بەم واتایە نییە کە دووژمن هانیان دەداو پلانی دەرەکی بۆ لەباربردنی دەستکەوتەکان لە ئارادایە. کاتێ هەزاران نا بەرابەری دەبینن و لەگەڵ گرفتو ئاستەنگەکانی بژێویدا دەستو پەنجە نەرم دەکەن، بەڵام بەرپرسان کۆشكو باڵەخانە هەڵدەچنن، بازارو بازرگانی مۆنۆپۆڵ دەکەن، تەنیا ئەوەیان بۆ دەمێنێتەوە



کە ڕەخنە بگرنو داوای مافی زەوتکراویان بکەن. ئەو کاتەی جەماوەر بە مەبەستی دڵنیابوون لەچارەنووسی خۆیو ولاتەکەی ڕێپێوان دەکا بەو مانایە نییە کە هاوهەنگی لەگەڵ تیرۆریستانو کۆنەپارێزانەوە کراوەو لەدوورەوە نەخشەی بۆ دارێژراوە. کاتێ حزب دەست دەخاتە ناو بچووکترین بواری پەروەردەو بارهێنان، کۆمەڵگە بەرەو حزبیبوون پەلکێش دەکرێ، حزبایەتی بۆ ناو دایەنگەو باخچەی ساوایانو قوتابخانە سەرەتاییەکان شۆڕدەکرێتەوە، ولاتیان مافی خۆیانە لەو دیاردەیە بترسێنو ڕەخنەی لێبگرن، ئەو ڕەخنە گرتنە بە فیتی دوژمنو ناحەزانی نەتەوەکەمان نییە، ئامانج بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی مۆدێرنو هاوچەرخە.

کاتێ جەماوەر دەبینێ ڕێکخستنەکانی حزب فۆڕمی زانیاری گەڕەکەکان بەسەر ماڵان دابەش دەکەنو دەنووسن:- ئەوەی زانیاری هەڵبدات خۆی بەرپرسیار دەبێ، بەناچارییەوە گللەیی دەکاتو ڕەخنە دەگرێ، ئەو هەنگاوە دەستی دەرەکی تێدایە، مەبەست پێکهێنانو بەهێزکردنی دامودەزگاکانی ڕەسمییە. ئەگەر ئارمانج لە دابەشکردنی فۆڕمی زانیاری گەڕەکەکان، وەدەستهێنانی زانیاری گرنگە بۆ پاراستنی ڕەوشی ئاسایش و بۆ نیشتیمان سوودمەندە، با موختاری گەڕەك یان بنکەی پۆلیسو ئاسایش بەو کارە هەڵبستن!.

دەستەلات دەبێ بە چاوی پارێزەر لە ولاتیان بڕوانێ . بەرنامەی خزمەتگوزاری پێشکەش بکات، گوێ لە داواکانی جەماوەر بگرێ، هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانی ڕۆژانە بدات، دیاردەی گەندەڵی هەڵتەکێنێو چاکسازی بەڕێوەببات، جیاوازی لە نێوان حزبیو ناحزبیدا نەکات، مافی هەموان لە دامەزراندنو کارکردندا پارێزراو بێ. دەستەلات دەبێ بە سۆزو بەڵێنەکانی خۆی وەفاداربێ، ئاسوودەییو بەختەوەری وەکهەڤی دەستەبەر بکات. نابێ دەستەلات بەچاوی گومانو نەیار لەولاتیان بڕوانێو بیانخاتە ژێر گەردبینی تیژەوە، یان لە ناو تەرازووی بەرژەوەندەکانی حزبییەوە ڕایانبگرێ. مرۆڤ کاتێك خۆی بە ولاتیەکی تەواو دەزانی کە مافەکانی پارێزراوبن، گوێ لە ڕاو پێشنیارەکانی بگیرێ، خواستو کێشەکانی فرامۆش نەکرێن، لەسەر ڕامانی سیاسیو بۆچونی جیاوازەوە ڕاونەنرێو نەگیرێ. دەبێ دەستەلات بەچاوی دڵسۆزیو پێشنیارەوە لە ڕەخنەکانی ولاتییان بڕوانێ. زۆر گرنگە دەستەلاتی خۆماڵی باوەڕ بەو ڕاستییە بهێنێ کە تابووری پێنجەم لە پشت ڕێپێوانەکانو خواستەکانی چاکسازی دانییە. لەلایەکی دیکەوە خۆ گنخاندنی دەستەلاتو لێنەپرسینەوە لە کەمتەرخەمانو لێپرسراوە پەیوەندیدارەکان ڕەخنەو گللەییو ناڕازیبوون گەورەتر دەکات. بۆ دەبێ دەیان بەڵێن بۆ نەهێشتنی کێشەی سووتەمەنی بدرێو چارەسەریش نەکرێو لێپرسینەوە لەگەڵ کەسیشدا نەکرێ! . دەیان تەقینەوە ئەنجام بدرێن و کاری تێکدەرانە بەڕێوە بچن، بەڵام بەرپرسێکی ئەو بوارە بانگ نەکرێو ووتەی وەرنەگیرێ! . بۆ نەهێشتنی ڕەخنەو گللەییەکانی جەماوەر دەبێ دەستەلات چاو بە کارەکانی خۆیو بەرنامەکانیدا بخشێنێتەوە. لێپرسینەوە لەگەڵ ئەو بەرپرسانەدا بکات کە کەمتەرخەمی لە سنووری کارەکانی ئەوانەوە سەر هەڵدەدات. دیسانەوە نابێ دەستەلات گوێ لە پاکانەی ئەو بەرپرسانە بگرێ کە جەماوەر و ڕەخنەگران بە تابووری پێنجەم لە قەڵەم دەدەنو دەیانەوێ لەو پەنایەوە کەمتەرخەمی و هەڵەکانی خۆیان پەردەپۆش بکەنو چەواشەکاریش لە ئاست دەستەلاتی سەرەوەدا بنوێنن. بەداخەوە هەندێ لەکەمتەرخەمان چاوی سەرووی دەستەلات لەسەر ڕاستیەکاندا لادەدەنو تراویلکەی هەبوونی تابووری پێنجەمو دەستی دەرەکی قوت دەکەنەوە.ئەم خۆدزینەوەیە سوود بە دەستەلات ناگەیەنێ و لە بەرژەوەندی نیشتیمان دانییە.

# سیناریۆی ئیسرائیل بۆ لێدانی سوریا و ئێران

ئا:نزار محەمەد

بەر لە لێدانی عێراق کۆڵن پاوڵ: وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لەبارەگای نەتەوەیەکگرتووەکان، بەراشکاوی ڕایگەیاند کە ئەمریکا بەنیازی نەخشەی ڕۆژهەلاتی نوێیەو ڕوخاندنی ڕژێمی عێراقیش بەشێکە لەو پرۆژەیە،پێش ئەوەش بوش ڕایگەیاند کە هەریەکە لەئێران ـ عێراق ـ سوریا ـ کۆریای باکوورتەوەری شەڕن،دەکرێ ڕیز بەندکردنی ئەم ولاتانە ئەم هۆکارەی لە پشتا بێت:

یەکەم: لەناوبردنی سەرچاوەکانی تیرۆر، کە بەلەناوبردنی ڕژێمی تالیبان دەستی پێکرد و یەکێ لەدەرئەنجامەکانی ڕووداوەکانو ڕووداوەکانی ١١ی سێبتەمبەر.

دووەم: لەناوبردنی چەکی ئەتۆمی ئەو ولاتە نەیارانە بەئەمەریکاو ئیسرائیل، بەتایبەتی ئێران کە بەردەوام هەڕەشەیەکە بۆسەر ئیسرائیل.

لێرەوە ئیسرائیل دەتوانێ یاریکەرێکی سەرەکی ئەم پرۆژەیە بێت، جگە لەوەی ئاراستەی سیاسەتی نێودەوڵەتیش پشتیوانی هەنگاوە نوێکانی پرۆژەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دەکات، کە خۆی لە ڕەخساندنی ڕژێمی ئێرانو سوریا دەبینێتەوە..... لەم بارەیەوە سەرچاوەیەکی سەربازی ئەورووپی بە گۆڤارێکی سوعدی ڕاگەیاندووە، کە موسادو بەرگری ئیسرائیل سیناریۆیەکیان ئامادەکردووە، هەردوو ڕژێمی سوریاو ئێران بەر شالاوی سەربازی ئیسرائیلی دەکەونو ڕژێمەکانیان دەڕوخێندرێن سوریا بەرگەی چەند کاتژمێرێك دەگرێتو ئێرانیش دەڕوخێنێت بێ ئەوەی ڕای دەوڵەتێ وەربگرێت ئیسرائیل بە پێی ئەو سیناریۆیە کە ناوی لێنراوە ((ئایندەی ئاسایشی دەوڵەتی ئیسرائیلی)) سنووری خۆی فراوان دەکات، بە تەنیشت جولانەوە بەشێکی سوریا دەخاتە سەر ئیسرائیل، بەمەش قەرەبووی کشانەوەی ئیسرائیل دەدرێتەوە بە هۆی کشانەوەی لەکەرتی غەزەو بەرەی ڕۆژئاوا.. بە پێی نەخشەکە هەزاران جولەکە لەو جێگایانە نیشتەجێ دەکرێن کە لەسوریا ئەکرێتەوە، ئەو جولەکانەش لە ڕوسیاو ولاتانی تری ڕۆژئاواوە دەهێندرێن.. لەڕووی سەربازیشەوە ئیسرائیل هێزێکی سەرزەمینی بۆ سەر سوریا دەهێنێت، سیناریۆکە پێی وایە هێزەکانی سوریا ئامادەی ڕوو بە ڕووی هیچ هێزێکیان نییەو زاڵبوون بەسەریدا چەند کاتژمێرێك زیاتر ناخایەنێت، ئەگەرچی پێویست بەبەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی نییە، بەڵام سیناریۆکە لەهەمان کاتدا ئەو ڕێگایەش بەدوور نازانێت. لەلایەکی تریشەوە سیناریۆکە پێی وایە دەوڵەتە عەرەبەکان بۆ ڕزگارکردنی سوریا دەستبەکارنابن، پێشتریش بۆ عێراق هەروایان کرد، جامیعەی دەولە عەرەبییەکانیش ناتوانێت هێزی



سەربازی هیچ ولاتێکی عەرەبی بجولێنێت، بەڵام دەوڵەتێکی وەك ڕوسیا، ڕەنگە بۆ ڕزگارکردنی سوریاو ئێران بێتە ناوەوە، بەڵام ناتوانێت جگە لە پەنابردن بۆ ئەنجومەنی ئاسایش هیچیتر بکات، تا سزا بخزێتە سەر ئیسرائیل، لێرەشدا دەوڵەتانی تر دەتوانن مافی ڤیتۆ بەکاربهێننو ئیسرائیل بپارێزن. سیناریۆکە بە ئاشکرا ناوی ئەمەریکای نەهێناوە، بەڵام دەڵێت: ئیسرائیل لەگەڵ دەوڵەتە گەورەکاندا ڕژێمی سوریاو ئێران دەڕوخێنن. کۆتایی سیناریۆکە بەم وشانە هاتووە: ئاسایشی ئیسرائیلی دابین نابێت هەتا هەردوو ڕژێمی ئێرانیو سوریایی مابێت، لەگەڵ تەواوبوونی کێشەی فەڵەستین، ئیسرائیلیش دەبێت خاکی خۆی بەرفراوان بکات چونکە ئەگەر ئەو فراوانییە نەبێت، ئیسرائیل لە سنوورێکی تەسکدا دەمێنێتەوە و تووشی خنکان دەبێت.

# بەشار ئەسەد، سەدامی نەناسیووە

پاسار

سەدام پێش ڕووخانی خۆییو حکومەتەکەیشی بەچەند هەفتەیەك ڕۆژانەو شەوانە خەڵکی بانگ دەکردوو دەکەوتە قسەی زلزل بۆیانو وایدەزانێ بەڕاستی پاڵەوانەو ئەمریکا خۆی لەبەردەم هەیبەتو سامیدا ناگرێت، ئەو واتێگەیشتبوو کەئەمجارەش لەتەنگژەکە ڕزگاری دەبێتو لەسەر کورسی دەسەلاتەکەی هەر دەمێنێتەوە وەك چۆن لەتەنگژەی کوەیت ڕزگاری بوو، بەڵام بەهەڵەدا چووبوو چونکە ئەمجارە لەئەجێندای سیاسەتی ئەمریکیدا سەدام تەواو ببوو.

ماوەیەکی زۆرەو لەدوای ڕاپۆرتەکەی (دیتلیف میلیس)ی قازی ئەڵمانییەوە لەمەڕ تیرۆرکردنی (ڕەفیق حەریری)و دەستی سوریا لەو تیرۆرکردنەدا، حکومەتی سوریو خودی بەشار ئەسەدیش کەوتوونەتە خۆیانو دەیانەوێ بەهەرنرخێك بێت درێژە بەدەسەلاتی دیکتاتۆری هاوشێوەی سەدامی خۆیان بدەنو هەربمێنن بۆ ئازاردانی خەڵکی سووریاو ولاتانی دەوروبەریش، ڕۆژی ٢٠٠٥/١١/١٠ بەشار ئەلئەسەدی سەرۆکی سوریا لەزانکۆی دیمەشقو لەبەردەم ئاپۆرایەکی زۆری بەرپرسانی حکومیو مامۆستایانی زانکۆدا وتارێکی کاتژمێرو نیوی پڕ حەماسەتو هەڵشەیی بەحینجە خوێندەوەو لەوتارەکەیدا هەمان شێوەی سەدامی دیکتاتۆری دۆستی باسی ئاسایشی نیشتمانیو ئومەی عەرەبی دەکردو دەیوت سەری خۆمان نادەینە دەست هیچ لایەنێکی دەرەکی. ئەم قسانەی بەشار لەکاتێکدایە کەبەرپرسانی واشنتن ڕایانگەیاندووە کەسەبری ئەمریکا لەبەرامبەر سوریادا گەیشتۆتە کۆتایی



چیتر لێناگەڕێین سوریا تیرۆرستی عەرەبو بیانی ڕەوانەی عێراق بکاتو بیەوێ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بخاتە مەترسییەوە.

لەم ڕۆژانەشدا ڕاپۆرتێکی دەزگای هەواڵگیری ئیسرائیلی ئەوەی ئاشکرا کردووە کەئەمریکا نایەوێت وەك عێراق سوریاش لەڕێگەی هێرشی سەربازییەوە بگۆڕێت بەڵکو دەیەوێ لەڕێگەی دروستکردنی فشاری ناوخۆی سوریاو هاوکاریکردنی ئۆپۆزسیۆنی سورییەوە دەسەلاتی بەشار بڕ،خێنێ، واتا ئەمریکا ئەمجارەیان بەکودەتای سپی مەسەلەکان یەکلاییدەکاتەوەو نایەوێ خوێن بکەوێتە مەسەلەکانەوە. لێرەوە ئەچینەوە سەر ناونیشانی وتارەکە کەوتمان بەشار سەدامی نەناسیووە، سەدام زۆر لایەنو کەسایەتی دەرەکی تکایان لێکرد عێراق جێبێڵێو بڕوات تاشەڕ نەقەومێ بەڵام گوێی نەگرتو بینیمان سەدامو عێراقیش چییان بەسەرهاتو چییان بەسەر دێت. بەشاریش بەڕێگای سەدامدا دەڕواتو چاو لەو ڕابردووە هەڵدەپێکێ کەهێشتا تەواو نەبۆتە ڕابردوو، ئێستا دەسەلاتەکەی بەشار لەگیانەلادایەو پێشناچێت ئەو وتارو دروشمە حەماسییانەی بەشار هیچ لەڕەوتی مەسەلەکان بگۆڕنو خاوییکەنەوە، وەك چۆن وتارەکانی سەدام هیچیان نەگۆڕیو کۆتایی بەدەسەلاتی ڕەشی هات.